# ئەیسەر و کۆمپیوتەری یەکپارچە






هەندێك لەکۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی کۆمپیوتەر و تەکنۆلۆژیای دیجیتالی نوێ، لەم چەند ساڵەدا هەوڵیانداوە کۆمپیوتەری سەرمێز بکەنە یەك پارچە و هەموو پارچەکانی وەك کیبۆرد و کەیس و مۆنیتۆر تەنیا لەیەك پارچەدا بێت، ئەمجۆرە لە کۆمپیوتەر پێیان دەگوترێت All-in-one.

کۆمپانیای ئەیسەر لەم ماوەیەدا کۆمپیوتەرێکی لەم یەکپارچانەی بەرهەم هێناوە کە بەزنجیرەی U ناسراون. کۆمپیوتەرەکە ویندۆز8ی لەسەرە، و بەAspire 7600U ناسراوە، شاشەکەی 27 ئینجە. تەواو لەمسییە و لەیەك کاتدا پشتیوانی لە64 خاڵ دەکات. بارستایەکەی 3.5 سمە.

# بۆکسێک بۆ هەڵگرتن و ئەرشیفکردنی فایلەکانی مۆڵتی میدیا

DMR-HRT300 بەرهەمێکی نوێی دیجیتالی کۆمپانیای پاناسۆنیکە، ئەم بۆکسەی کە لەوێنەکەدا دەیبینن توانای هەڵگرتن و ئەرشیفکردنی وێنە، فیلم لەکامێرا دیجیتالییەکان یا کامێرای مۆبایل هەیە، هەروەها توانای خەزنکردنی هەر پرۆگرامێکی لەتەلەڤزیۆندا هەیە کە بەهۆی تیۆنەری تەلەڤزیۆنی ناو خودی ئامێرەکە پرۆگرامەکان تۆمار و خەزن دەکات. بەهۆی ئەو بۆکسەوە دەتوانی گشت زانیارییە خەزنکراوەکان وەك وێنە و فیلم و لەناو تۆڕەکانی مۆبایل، لاپتۆپ و ئامێرەکانی دیکە هاوبەش بکەی. هەروەها دەتوانێت لەو وێنانەی کە لەخۆیدا خەزنی کردوون، سلایدێکی جوان ئامادە بکات و تا بتوانی لەفەیسبووك یا یوتیۆب یان هەر تۆڕێکی کۆمەڵایەتی دیکە بیکەی دایبنێی. هاردی ناوخۆی ئەو بۆکسە 500 گیگایە، جگە لەوەش لەپۆرتی USB و هاردی دەرەکیش سوود وەردەگرێت. ئەو بۆکسە سوودمەندە لەگەڵ سیتسەمەکانی ماك و ئەندرۆید و ویندۆزیش دەگونجێت.









# سپیکەرێک لە تیشکی خۆر وزە وەردەگرێت

ئەگەر لەم دەیەشدا نەبێت لەداهاتوویەکی نزیکدا، وەرگرتنی وزە لەتیشکی خۆر بەهۆی سەرچاوەی لەبڕان نەهاتووی و هەرزانی جێگای هەموو سەرچاوەکانی دیکەی وزە دەگرێتەوە. لەم ماوەیەدا سپیکەرێك لەلایەن کۆمپانیای Eton بەرهەم هاتووە کە هەم وایەر لەیسە و هەم وزەی خۆی لەتیشکی خۆر وەردەگرێت. سپیکەری جۆری Rukus کە بەتیشکی خۆر کاردەکات بەسیستەمی بلوتوس لەگەڵ ئامێرەکانی دیکە پێوەند دەدرێت و خاوەنی دوو بڵندگۆی بەهێزە و سپیکەرەکە خاوەنی شاشەیەکی تایبەت بەخۆیەتی، ئەگەر وزەی پێویست وەك لەشەودا یان لەوکاتەی کە هەورە نەبوو بۆ شەحنکردنەوەی سپیکەرەکە دەکرێت بەکارەباش شەحن بکرێتەوە.

# مۆنیتۆرەکانی داهاتوو پێویستیان بە کۆمپیوتەر نامێنێ




کۆمپانیای LG کە هەوڵدەدات لەهەموو بوارێکی تەکنۆلۆژیادا خۆی تاقیبکاتەوە، لەم ماوەیەدا جۆرێك لەمۆنیتۆری بەرهەم هێناوە کە بەزنجیرەی P ناسراون، خاڵی جێگای سەرنج و تێڕامان لەو شاشەیەدا ئەوەیە کە هیچ پێویستی بەکۆمپیوتەر یا هاردێك بۆ خەزنکردنی داتاکان نییە، بگرە لەتەکنۆلۆژیای Vmware-zero clinet UPoE سوود وەردەگرن. دەتوانن لەتۆڕێکی مەجازی بەسیستەمی ئەمنیەتی زیاتر و کەمترین تێچوو بەهرەمەند بن.

پسپۆرانی بواری ئایتی پێیانوایە ئەو مۆنیتۆرانە لەداهاتوودا لەئیدارەکاندا شوێنی خۆیان دەکەنەوە، چونکە لەیەك جۆر پرۆگرام کە لەلایەن بەرپرسی ئیدارەکەوە یان تۆڕی ناوەندی ئیدارەکەوە دادەنرێت کار بکەن و ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە هاککەرەکان نەتوانن بەئاسانی دزە بکەنە ناو ئەو کۆمپیوتەرانە، هەروەها بەرگرییەکی باشیان هەیە لەبەرامبەر ڤایرۆس و ترۆجانەکاندا. لەم مۆنیتۆرەدا تەنیا پێویستی بەکیبۆرد و ماوسێکە و هیچ پێویستی بەCPU یان ڕام نییە. هەروەها پێویستی بەهیچ سیستەمێکیش نییە، چونکە لەهەموو ئیدارەکەدا تەنیا یەك سیستەم دەبێت.




# ویکی پەد تەبلێتێکی تایبەت بە گەمەی ئەلیکترۆنی

لەپیشانگای ساڵانەی E3دا، تەبلتێکی تایبەت بەگەمەی ئەلکترۆنی کە لەپرۆسیستەرێکی 4 ناوەکی تیگرا و سیستەمی ئەندرۆید سوود وەردەگرێت نمایش کرا. تەبلێتە نوێیکە کە بە Wikipad ناسراوە، توانای بڵاوکردنەوەی و فیلم و گەمەی بەکوالیتی Full HD هەیە و لەزۆربەی فۆرماتەکانی تایبەت بەگەمەی ئەلکترۆنی پشتیوانی دەکات. ڕامی ناوخۆی تەبلێتەکە 8 گیگابایتە، شوێنی دانانی SD cardیشی هەیە کە بەهۆیەوە دەتوانی میمۆریەکەی بکەی بە64 گیگابایت.

# جێگەی کۆمپیوتەرە گەورەکان دەگرنەوە کۆمپیوتەرە وردیلەکان



مینی پی سی واتە کۆمپیوتەری زۆر بچووك، ئەو کۆمپیوتەرانەی کە لەپەنجەی دەستتدا جێگایان دەبێتەوە پەرە دەسێنن، کۆمپانیایەك دوایین جۆری کۆمپیوتەری مینی پی سی بەناوی X86 Detsel-01 لەم ڕۆژانە خستە بازاڕەوە، کە قەوارەکەی تەنیا 25 لە74 ملمدایە و بارستایەکەشی 12 ملمە. کۆمپیوتەری ناوبراو توانا و هێزی خێراییەکەی 1,6 گیگاهێرتزە، ڕامەکەی 1 گیگابایتە. کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکەی ڕایگەیاند کە کۆمپیوتەری جۆری X86 Detsel-01 هەموو سیستەمێکی کۆمپیوتەر دەخوێنێتەوە. هاردی کۆمپیوتەرە بچووکەکە 64 هەتا 128 گیگابایتە. زۆربەی جێ کێبڵ و شوێنەکانی پێوەندی وەك USB, HDMI, VGA هەیە و سیستەمی وایەرلەیس و بلوتوسی هەیە.

# چەند زانیارییەک بۆ سوود وەرگرتنی زیاتر لە ئینتەرنێت؟

**بەشی یەکەم**



مه جا زییه

ئینتەرنێت جیهانێکی تایبەتە کە هەموو جیهانی لە ژوورێکدا کۆکردۆتەوە و ئەوەی مەبەستتە لەبەردەستتدایە.. پێویست ناکات لەسەر گرنگی ئینتەرنێت شت باس بکەم، چونکە گرنگییەکەی بۆ هەرتاکێك لە جیهان دەرکەوتووە، بەڵام بۆ ئەوەی کە ئاسانتر سوود لە ئینتەرنێت وەربگرن و باشتر لەو جیهانە واقیعییە ئاگادار بن پێویستە ئەو فەرمانانە بزانن.

هەروەك دەزانن چەندین پرۆگرامی دۆزەرەوەی سایتەکان واتە Browser هەن بۆ دۆزینەوەی سایتەکان، وەك گوگل کرۆم، ئینتەرنێت ئیسکپلۆرێر، ئۆپێرا، موزیلا...تاد... کە هەرکام لەوان شێوازی کارکردنیان جیایە، بەڵام چەندین خاڵ و فەرمانی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە، بۆ ئەوەی کە فەرمانە هاوبەشەکانی نێوانیان بزانن پێویست بەو زانیارییە دەکات.

1- دوگمەی Ctrl لەگەڵ هەر ژمارەیەك دابگری، راستەوخۆ دەچێتە سەر ئەو ژمارە سایتەی کە کردۆتەوە بۆ نموونە ئەگەر ئێوە 8 سایتتان پێکەوە کردبێتەوە.. ئەگەر دوگمەی Ctrl و 5 دابگری راستەوخۆ دەچیە سەر tab واتە سایتی پێنجەم.

2- ئەگەر دوگمەی Ctrl و ژمارە 9 دابگری، دەچیە سەر دوایین سایتێك کە کراوەتەوە.

3- ئەگەر دوگمەی Ctrl+tab پێکەوە دابگری دەتوانی لەنێوان tabەکاندا بۆ لای راست یا چەپ برۆی.

4- ئەگەر دوگمەی Ctrl+W پێکەوە دابگری ئەو لاپەڕەیەی کە تێیدای دادەخات.

5- هەروەها دوگمەی Ctrl+F4 هەر ئەو فەرمانە ئەنجام دەدات.

6- ئەگەر دوگمەکانی Ctrl+shift+T پێکەوە دابگری، سەرلەنوێ دەکاتەوە.

7- دوگمەکانی Ctrl+T لاپەڕەیەکی نوێ دەکاتەوە.

8- دوگمەی Ctrl+N ویندۆ واتە پەنجەرەیەکی نوێ دەکاتەوە.

# ماوسەکانی تایبەت بەگەمەی ئەلکترۆنی



لەم مانگەدا پێشانگای ساڵانەی E3 لەوڵاتی تایوان بەڕێوە چوو، لەم پیشانگایەدا چەندین ئامێری تایبەت بەگەمەی ئەلکترۆنی نیشاندران، کۆمپانیای ROCCAT لەژووری تایبەت بەخۆی لەم پیشانگایەدا دوو ماوسی نوێی خۆی کە تایبەت بەیاری ئەلکترۆنی نمایش کرد. ماوسەکانیش بریتی بوون لەLua کە ماوسێکی سێ دوگمەیی سادە و هەروەها Kone XTD کە ماوسێکی تایبەت بوو بەگەمە بۆ گەیمەرە پیشەییەکان، ماوسی ناوبراو توانای ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردنی هەر دوگمەیەك جوڵەی ماوسەکە بۆ بەکارهێنەرەکەی دەڕەخسێنێ. ماوسی Lua لەدەستتدا بەباشی جێ دەگرێ و کارکردن بەو ماوسە زۆر ئاسانە. هەروەها ئەو توانایەی هەیە کە بەویستی خۆت ڕەنگی سەر ماوسەکە کە لەگلۆپی LED پێکهاتوون بگۆڕی. ئەم ماوسە بچووکترین ماوسە لەلایەن کۆمپانیاکەیەوە. ماوسی جۆری Kone XTDیش دیزاینێکی سەرنجڕاکێشی هەیە، ڕووچوونی هەردوولای ماوسەکە وای کردووە کە پەنجەکانتان بەتەواوی لەوێ جێگیر ببێ. ماوسەکە 12 دوگمەی تایبەتی هەیە، بەکارهێنەرەکەی دەتوانێ بە ویستی خۆی بەرنامەیان بۆ دابنێت. بەتەکنۆلۆژیای Easy shift دەکرێت هەتا 24 فەرمان لەخۆیدا خەزن بکات.



# لەم سایتەدا بە چەند چرکەیەک وێنەکانت ئەپلۆد بکە




گەلێك سایت هەن بۆ دابەزاندنی وێنەکانت لەسەر سایتەکە بۆ ئەوەی لەسایتی دیکەدا کەڵکی لێوەربگری، هەندێك لەم سایتانە بەخۆڕایی و بێ بەرامبەر نین لەبەرامبەر خزمەتگوزاری ئەپلۆدکردنی وێنەکان بڕە پارەیەك وەردەگرن، بەڵام سایتێك کە لێرەدا ئاماژەی پێدەکەین هەم بەخۆڕاییە و هەم خێرا و بێ گرفتیشە لەئەپلۆد و هاوبەشکردنی وێنەکان. سایتی www.yespix.me سایتێکە کە خزمەتگوزارییەك لەم سایتەدا هەیە وەك ڕاکێشانی وێنەکە بۆ سایتەکە کە پێیدەگوترێت (Drag and drop). کە بەهۆی ئەم سایتە دەتوانی لەماوەی چەند چرکەیەکدا وێنەکانت لەخزمەتگوزاری سرێڤێرەکانی سایتەکەدا ئەپلۆد بکەی. لەم سایتەدا چەندین خزمەتگوزاری دیکەش هەیە بۆ زیاتر ئاشنابوون بەخزمەتگوزارییەکانی دیکەی سایتەکە دەکرێت سەرێك لەسایتەکە بدەی.




خوێنەرێکی بەڕێزی ئایتی پرسیاری ئەوە دەکات کە ئایا چ ئەنتی ڤایرۆسێك لەوانەی کە بەخۆڕایی و بێ بەرامبەرن دابەزێنم و تاکو بتوانم لەگرفتی ڤایرۆسە نەخوازراوەکان و فایلە سیخوڕییەکان ڕزگارم بێت؟ ئایا ئەنتی ڤایرۆسە بێ بەرامبەرەکان جێگای متمانەن؟

خوێنەری بەڕێز ناکرێت متمانە بەهەموو ئەنتی ڤایرۆسێکی بێ بەرامبەر بکرێت، هەتا ناکرێت متمانە بەئەنتی ڤایرۆسی کڕیاریش بکرێت، بەڵام بەپێی لێکۆڵینەوەیەك کە لەسەر ئەنتی ڤایرۆسە بێ بەرامبەرەکان کراوە دەرکەوتووە ئەنتی ڤایرۆسی AVG لەریزی یەکەمدا هاتووە و ئەو ئەنتی ڤایرۆسە هەم خێرابووەو هەم لەدۆزینەوەو لەناوبردنی ڤایرۆسەکاندا لەپێشەوەی ئەوانی دیکە دابووە، ئەنتی ڤایرۆسی Avastیش لەریزی دووەم دێت و ئەنتی ڤایرۆسی pandaش لەپلەی سێیەمدا دێت، بەڵام تۆی بەڕێز و خوێنەرانی دیکەش ئاگادار بن، ئەگەر پرۆگرامێك لەئینتەرنێت دادەبەزێنن دەبێ لەسەرچاوەکەی دڵنیابن، یا بزانن کە سایتێکی ناسراوە، ئەگینا تووشی گرفتی دیکە دەبن و پرۆگرامی سیخوڕی دادەبەزێننە سەر کۆمپیوتەرەکەتان و زانیارییەکانی سەر کۆمپیوتەرەکەتان دەدزن.

# پرۆگرامێکی تایبەت
# بە دیجیتاڵیکردنی گۆڤار و کتێب

سەردەم کە سەردەمی دیجیتاڵی بێت و هەموو شتێك ببێت بە تەکنۆلۆژیای دیجیتاڵی، دەبێ چاوەڕوانی ئەوەش بکەی کە کتێب و گۆڤارەکانیش بەدیجیتاڵی بکرێن. پرۆگرامی Ncesoft Flip Book Maker دەتوانێت بەچەند کلیکێك دیزاینێکی جوانت لەو گۆڤار و کتێبەی کە مەبەستتە بۆ بکات و بیکات بەگۆڤار و کتێبێك کە وەك کتێبی ئاسایی بتوانی لاپەڕەکانی هەڵبدەیەوە. دیارە جگە لەو پرۆگرامە هەندێك پرۆگرامی دیکەش هەن کە ئەو ئەرکە ئەنجام دەدەن، بەڵام جیاوازی ئەو پرۆگرامە لەگەڵ ئەوانی دیکە ئەوەیە کە پرۆگرامێکی تەواوە و چەندین جۆر ستایلی تایبەتی بەدیزاینکردنی گۆڤار و کتێبەکانی تێدایە. دیزاینەکانی وەك ئەلبومی وێنەکانی شایی و زەماوەند، گۆڤاری ئەلکترۆنی، گۆڤارە بازرگانییەکان و کەتەلۆکی ڕێکلامی کۆمپانیاکان و چەندین دیزاینی دیکە، دواتر دەتوانرێت فایلە دیزاینکراوەکە بەچەندین فۆرماتی وەك SWF, HTML, EXE خەزن بکەی، هەروەها دەتوانرێت وەك سکرین سەیڤەریش خەزن بکرێن.

تواناکانی پرۆگرامەکە بەکورتی ئەمانەن:

- دروستکردنی کتێبی ئەلکترۆنی کە لاپەڕەکانی وەك لاپەڕەی کاغەز هەڵبدرێتەوە.
- بوونی چەندین دیزاینی لەپێشدا ئامادەکراو بۆ چەندین مەبەستی جیاواز.



- خەزن کردن بەچەندین فۆرمات.
- توانای ناردنی فایلەکە لەرێگای ئیمێلەوە بۆ هاوڕێیان.
- توانای دەستکاریکردنی ستایلەکان بەویستی بەکارهێنەر.
- گونجان لەگەڵ هەموو جۆرەکانی سیستەم.

# کامێرایەک 4 ملیار
# پیکسل لە چرکەیەکدا تۆمار دەکات

کۆمپانیای NHK کە کۆمپانیایەکی ژاپۆنییە کامێرایەکی بەرهەم هێناوە کە توانای هەیە بە هەستەوەری 33 میگاپیکسل فیلم هەڵبگرێتەوە. ئەو فیلمانەی کامێراکە هەڵدەگرێتەوە بەهۆی لەسەروو بوونی کوالیتی فیلمەکە تەنیا لە تەلەڤزیۆنە فول HDەکاندا بڵاودەبێتەوە. هەروەها خێرایی فیلمگرتنەوەی 120 فرێم لە چرکەیەکدایە واتە دوو قاتی هەر کامێرایەکی دیجیتاڵی، ئەوە بەو مانایە دێت کە دەتوانرێت 4 ملیار پیکسل لە چرکەیەکدا تۆمار بکات. کامێراکە بە خێرایی گواستنەوەی 2.51 گیگابایت لە چرکەیەکدا بەباشی ئەرکی گواستنەوەی قەوارەیەکی بەو رادەیە بە باشی ئەنجام دەدات. هەستەوەری جۆری CMOS کامێراکە کە تەنیا 7.24 ملم قەوارەکەیەتی بچووکترین هەستەوەری رووناکی جیهانە.

